Kurdocide Watch — CHAK — Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

**بەرەو یادی بیست و سی ساڵەی تاوانی بۆردومانکردنی شاری سەردەشت**

بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەملانێی ناوخۆیی ئیتر تاوانی جەنگە

کەس و کاری قوربانیانی شاری سەردەشت
جەماوەری کوردستان
پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

هەموومان ئاگادارین 23ساڵ پێش ئێستا , لە بەرواری 28-6-1987 فڕۆکە مەرگهێنەرەکانی بەعس , کاتژمێری 4,30 سەر لە ئێوارە ژەهری قینی خۆیان بەسەر خەڵکی شەهید پەروەر و کورد پەروەری شاری سەردەشتی قارەمان و گوندی ڕەشە هەرمێ و دەوروبەریدا باراند , 4 فڕۆکەی مەرگهێنەر , بەم تاوانەیان , زیاتر لە هە شت هەزار هاووڵاتی سڤیلی ئەم دەڤەر و شارەیان شەهید و بریندارکرد , چەندین خێزانیان لە بنەچەوە پاککردەوە , تاکو ئێستا زیاتر لە 1000 هاووڵاتی بونەتە قوربانی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە.
لە کاتێکدا ئێمە یادی 23 ساڵەی ئەو تاوانە دەکەینەوە , هێشتا مەرگەساتی سەردەشت نەبۆتە دۆزێك بۆ تاوانبارانی بەغدا , هێشتا بریندارەکانی ئەم شارە لە ئێش و ئازاردا دەژێن و چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە , هێشتا ونبوەکان نەدۆزراونەتەوە , هێشتا لە لایەن ڕەوەندی کوردی و لایەنە سیاسییەکان بە تایبەت لە خۆر هەڵاتی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گرنگی بەم مەرگەساتە گەورەیە نادرێت ,هێشتا سەردەشتییەکان بە تەنها یادی قوربانییەکانیان دەکەنەوە و لە شیندا هاوڕێیان بێکەس و هاوڕێن.
ئێمە لە چاودێری کوردۆساید کە یەکەم دەزگای کوردی بووینە گرنگیمان بەم یادەوەرییە داوەو لە 7 ساڵی ڕابردوەوە , ساڵانە یادمان لە قوربانیانی سەردەشت کردۆتەوە , لە یادی 23 ساڵەی ئەم تاوانەدا , داوا لە هەموو لایەك دەکەین , ئەمساڵ یادێك لەوتاوانە و و لەو قوربانیانەمان بکرێتەوە , شایانی گەورەیی یادەوەری 23 ساڵەی کارەساتەکە بێت , ڕۆژی یادەوەرییەکە بکرێتە ڕۆژێك بۆ ڕسواکردنی دوژمنانی گەلەکەمان و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی و هاوپشتی لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵکی ئەم شارە و پاڵەپەستۆکردن بۆ کردنەوەی دۆسیەی ئەو تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکان.

تاوانی کیبابارا کردنی شاری سەرەشت وەك لەدادگای تاوانباری بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانرات دیاریکرا بەتاوانی جەنگ,هەردوو تاوانی نێونەتەوەیی جەنگ وتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت ,سزا نەدنی تاوانبارانی ئەم تاوانە نێونەتەوەییە تاوانێکی دیکەیە بەرامبەر بەخەڵکی ئەمشارە .

خۆشبختانە لەکاتێکدا بەرەو یادی 23 ساڵەی ئەم تاوانە دەڕۆین ,لەکۆنگرەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەشاری کەمبالای ئۆگەندا "5-31 بۆ 10-6",بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەملانێ ناوخۆییەکان وەك تاوانی جەنگ پەسەندکرا ,ئەمەش بەهەنگاوێکی

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

مەزن بۆ مرۆڤایەتی دەزانین بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لەجیهاندا ,هەنگاوێکی مەزنەبۆ دوبارە نەبونەوەی (هەڵەبجەکان وسردەشتەکان,شێخ وەسانانەکان وگ ۆپتەپەکان و زەردەکان,سوێیسنانەکان و.....هتد لەئایندەدا )) ئەم سەرکەوتنە لەمرڤایەتی پیرۆز بێت .

پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان

بێدەنگی ئێوە لە ئاست ئەم دۆزە گرنگە و گرنگی نەدانتان بەم کارەساتە گەورەیە , مایەی نیگەرانی ئێمەو خەڵکی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێ و تەواو قوربانیانی کۆمەڵکوژییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان , بۆیە داواتان لێدەکەین با هەموومان یەکگرتووانە بەرەو یادکردنەوەی کارەساتی قوربانیانی شاری سەردەشت, یادێکی وای ئەو تاوانە بکەینەوە , لە ئاستی گەورەیی تاوانەکە و ژمارەی قوربانیانی و تێکۆشەری و مێژووی پڕ لە شانازی شاری سەردەشتدا بێت.


**چاودێری کوردۆساید**

**Kurdocide Watch**

www.kurdocide.com

www.kurdocidewatch.net

kurdocide@hotmail.com

kurdocide@yahoo.com


13-6-210


**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**